# دەستوری بێ‌مافی‌و ئیلحاق‌و هەڵاواردن

## رەخنەیەك لە "رەشنوسی دەستوری هەرێم"

نووسینی: فاتح شێخ و رێبوار ئەحمەد

## بەشی ٧

## دەستووری هەرێم و مافی ژنان

**"ئازادي ژن، پێوەری ئازادي كۆمەڵگایە"**

زیاتر لە دووسەد ساڵە ئەم وتەیە لە زمان "شارل فووریێ" سۆشیالیستی فەرەنسیەوە کەوتوەتە سەر زمانی بەشەریەتی پێشرەو و وەک یەکێک لە دروشمەکانی شارستانیەتي و ئازادیخوازي پێناسە کراوە و جێی خۆی کردوەتەوە. هەرچی زیاتر لەم پێوەرە کۆمەڵایەتیە ورد بیتەوە، رێک و ڕاستي ناوەرۆکەکەی روونتر دەردەکەوێ و دەسەلمێ. راستە تێگەیشتنی مارکسیستي لە بنەمای چینایەتي و ئەمرۆژینی پەیوەندی ئازادي ژن لەگەڵ ئازادي کۆمەڵگا، بۆ هەر تێکۆشەرێکی کۆمۆنیست و ئازادیخواز پێویستە، بەڵام سەلماندنی ئەم وتەیە بۆ هەر کەسێک کە بۆنێکی ئینسانیەتی لێوە بێ، بەبێ هیچ گیروگرفتێک و هیچ قووڵبوونەوەیەکی زانستیانەش، ئاسان و ئاساییە.

بە پێی ئەم پێوەرە، کۆمەڵگای کوردستان لە شازدە ساڵی رابردوودا، کە دیباجەی رەشنووسی دەستوور شانازي زۆری پێوە دەکا، لە بواری "ئازادی"دا کارنامەیەکی ئێگجار نیگەتیڤی بەدەستەوە داوە و چکۆلەترین بوار بۆ شانازي کردنی دەسەڵاتدارانی بەرپرس لەم قۆناغە مێژووییە ناهێڵێتەوە. گەر لە دەربیجەی ئەم پێوەرەوە چاو لە کۆمەڵگای کوردستان و لە رەشنووسی دەستووری هەرێم بکەین، گەلێک راستي کۆمەڵایەتي و سیاسي گرینگمان بۆ دەردەکەوێ کە رەنگە لە چوارچێوەی دەستوور و "مافی ژنان"یش واوەتر بچن، بەڵام بە حوکمی کۆمەڵایەتي و سیاسي بوونی مەسەلەی ژن، جێی خۆیەتی کە لێرە، لە دڵی ئەم بەشە لە رخنەی دەستوور و لە خانەی مافی ژنان و جێگاورێگای ژن لە دەستووری هەرێمدا، باسیان لێ بکرێ.

ئەم مانگە مانگی ئادارە و دەمێک ساڵە ٨ی مارس، رۆژی ژنان، لە کۆمەڵگای کوردستانیش بە هەوڵ و تێکۆشانی بزووتنەوەی یەکسانیخوازي ژن و پیاو، وەک پێناسەی ئازادی و مافی ژنان، وەک رۆژی "کێشەی ژن" جێ کەوتوە، هەموو ساڵێک کۆڕ و کۆبوونەوەی بۆ دەگیرێ و بوەتە دەرفەتێک کە بزووتنەوە سیاسي و کۆمەڵایەتیەکان تیایدا هەر کام بۆچوون و دیدگای جیاوازی خۆیان لەسەر کێشەی ژن، نومایش و گوزارش دەکەن.

بەڵام مانگی ئادار لە کوردستان رۆژانێکی دیکەشی تێدایە کە لە ئاستی کۆمەڵگادا سەرنجی جەماوەر ڕادەکێشن. یادی راپەرینی ئاداری ١٩٩١، کیمیابارانی هەڵەبجە، رێککەوتنی یازدەی ئاداری ١٩٧٠، رێککەوتنی ئاداری ١٩٧٥ی ئەلجەزایر و ئاشبەتاڵ و گەلێک یاد و بۆنەی دی، دەلالەت لە بوونی کۆمەڵێک گرفتی سیاسي و کۆمەڵایەتي جۆربەجۆر دەکەن کە ئەوانیش وەک کێشەی ژن، کۆمەڵگایان پێوە سەرقاڵە. بەراوردێک لەوە کە ئەمساڵ لەم مانگەدا کۆمەڵگا چەندە و چلۆن بە هەر کام لەم کێشە جۆراوجۆرانەوە سەرقاڵ بووە (یان لە لایەن میدیای داردەستی دەسەڵاتەوە سەرقاڵ کراوە) و لەم ناوەدا بەشی ژنان و ٨ی مارس چی بوە، دەتوانێ پێوەرێکی بابەتي بەدەستەوە بدا و دەربیجەیەک بە ڕووی ئەم بەشە لە رخنەی دەستووردا بکاتەوە (لە درێژەی وتارەکەدا ئاوڕ لەمانە دەدەینەوە).

*

لە پەیوەند بە کێشەی ژن و مافی ژنان، سێ شوێنی رەشنووسی دەستووری هەرێم بەسەر دەکەینەوە و دەری دەخەین کە ژنان و مافەکانیان بە دانستە ئیهمال کراون و پشت گوێ خراون: یەکەم شوێن دیباجەیە، دووهەم یادداشتی روونکردنەوەی کۆتایي رەشنووسە و سێهەم دەروازەکانە.

### کێشەی ژنان، کێشەیەکی گەورەی مێژوویی کۆمەڵگای کوردستانە

ناساندن و باسکردنی کێشەی ژنان وەک یەکێک لە کێشە گەورەکانی کۆمەڵگای کوردستان، بەو مەبەستەیە کە نیشانی بدەین چلۆن رەشنووسی دەستور لە بەشە جیاجیاکانی خۆیدا، باس لەو مەسەلانە دەکات کە لە روانگەی دارێژەرانی دەستور و بزووتنەوەی کوردایەتیەوە، بە کێشە و گرفتی کۆمەڵگای کوردستان دەزانرێ و دواتریش رێگاچارەیان بۆ دادەنرێت، بەڵام بە هیچ جۆرێک مەسەلەی ژنان وەکو کێشە و گرفتێکی کۆمەڵگا ناونابرێت. هەر بۆیە هیچ رێگاچارەیەکیش بۆ ئەم کێشەیە لەئارادا نیە و ئەوانەی بە ناوی ژن و مافی ژنانەوە لە هەندێک جێگای رەشنووسدا هاتون، ناچنە خانەی چارەسەری کێشەی ژنانەوە، چونکە لە بنەڕەتەوە ئەم کێشەیە لەلایەن رەشنووسەوە دانی پێدا نەنراوە.

بەڵام خۆلادان لە دانانی بە کێشەی ژنان وەکو یەکێک لە گرفتە گەورە و مێژووییەکانی ئەم کۆمەڵگایە، هەوڵێکی بێهودەیە بۆ پشتگوێخستنی کێشە و مافەکانی ژنان. چونکە ئەگەر لە مێژووی زۆر دوورترو کۆنتری ئەم کۆمەڵگایەش گەڕێین و مێژووی نزیکتر، بە تایبەتی ئەم شانزە ساڵەی کە بزووتنەوەی کوردایەتي لە کوردستاندا دەسەڵاتی پەیدا کردووە، کێشەی ژنان یەکێک لە دیاردە و کێشە بەرجەستەکانی کۆمەڵگا بووە. لە درێژەی ئەم وتارەدا پەنجە بۆ قوربانیە زۆرەکانی ئەم کێشەیە راکێشراوە و نیشان دراوە کە ژمارەیان لە ژمارەی برێک لە کارەساتە گەورەکان زیاترە. بەڵام بەڵگەکانی ئەم مەسەلەیە هەر ژمارەی قوربانیەکان نیە. تەواوی دەستوور و یاسا و گۆرانکاریە یاسایي و دەستوریەکانی کۆمەڵگای عێراق کە کوردستانیش وەک بەشێک پێوەی لکێنراوە، هەروەها دەیان بڕیاری دەوڵەتی و فتوای سەرکردەکان، تا دەگات بە ژیانی رۆژانەی خەلک و هەموو میدیا جیاجیاکان نیشانەدەری بەرجەستەیي ئەم کیشە و گرفتە گەورەیەن.

بەڵام لەوانەش زیاتر خودی بوونی بزووتنەوەیەکی گەورە و بەردەوامی ژنان، کە هەندێ کات بەهێز و هەندێ کات لاواز بووە، هەروەها بوونی دەیان رێکخراوە و کۆڕ و کۆمەڵی ژنان، لە مەیدانبوونی رابەرانێکی دەرکەوتوو و جەسوری بزووتنەوەی ژنان، بوونی چەندین کێشمەکێشی سیاسی و کۆمەلایەتی لە نێوان بزووتنەوە و سوننەتە جیاجیاکانی ئەم کۆمەڵگایە لەسەر مەسەلەی ژنان، گیانفیداکردنی ڕابەرانێکی جەسووری وەک قابیل عادل و شاپور عبدالقادر لەم پێناوەدا، هەموو بەڵگەی گەورەیی ئەم کێشەیەن.

هەر لەسەر بناغەی ریشەی مێژوویي و بەهێزی ئەم کێشەیە دەبینین لە دەیان ساڵی رابردووەوە هەموو سوننەتە سیاسیەکان تەنانەت بە هەموو حیزبە سیاسیەکانیە، لق و رێکخراوی ژنانی خۆیان دامەزراندوە. لەوسەری راستی توندرەوەوە تا ئەوسەری چەپی ماگزیمالیست، لە رەوتە دژی ژنە ئیسلامیەکانەوە تا حیزبەکانی بزووتنەوەی ناسیونالیستي و عەشایەري، بۆ دەستەمۆکردنی بزووتنەوەی ژنان و لەباربردنی خواست و خەباتی رزگاریخوازانەیان، دەیان رێکخراوە و سەنتەری لێکۆلینەوە و

چەواشەکاری‌یان دەربارەی ئەم مەسەلەیە پێکهیناوە. بزووتنەوەی کۆمۆنیستیش بە مەبەستی بەهێزکردن و سەرخستنی ئەم خەباتە و چارەسەری کێشەی ژنان بە هەمان شێوە رێکخراوە و سەنتەری لێکۆلینەوە و هوشیاري و بەرگري لە ماف و گیانی ژنانی پێکهیناوە.
بۆیە هەر دەستورێک کە بۆ ئەم کۆمەڵگایە دابرێژرێت، ئەگەر بە مەبەستی چارەسەرکردن و خستنەرووی رێگای یاسایی بۆ کێشەکانی بێت، پێویستە چۆن باسی گرفتی پاکسازي نەتەوەیي و جینۆساید و زوڵمی نەتەوەیي و کێشەکانی دیکە دەکات و ڕیشە و هۆکارەکانی باس دەکات، هەر بەو جۆرەش باسی ئاست و ئەبعادەکانی ئەم کێشەیە و ڕیشە و هۆکارەکانی بکات، ڕوونی بکاتەوە کە ئەم کێشەیە چۆنە؟ قوربانیەکانی چۆن بووە؟ ڕیشەکانی چیە و بە پێی کام نەرێت و ئەحکام و بیروباوەر سەپێنراوە. پاشان هەر لەسەر ئەم بنەمایە رێگاچارەی بۆ دابنێت. ڕەشنووسی دەستور بە تەواوی خۆی لە پەنجە راکیشان بۆ بوونی ئەم کێشەیە و ئاست و ئەبعادەکانی لاداوە و بە ڕەسمی نەناسیوە. بۆیە هیچ یەک لەو بەند و رستە و برگانە کە لەم رەشنووسەدا ناوی ژنی تیا هاتووە، یان گوایە باس لە مافی ژنان دەکەن، بەدەر لە ناوەرۆکی کۆنەپەرستانەیان، لە بنەڕەتدا پەیوەندیان بە کێشە و گرفتی مێژوویي ژنان و چارەسەرکردنیەوە نیە.

### ١) دێباجەی دەستوور و "مێژووی ژن" لە کوردستان

لە دێباجەی دەستووردا وشەی "ژن" بەتەواوي ونە! وشەی "ئافرەت" یەک جار لە پاڵ "لاو" و "پیر" و "منداڵ"دا بۆ وەسفی هەمەگیر بوونی قوربانیانی کارەساتی ئەنفال هێنراوە. لە بەشی ٢ و ٣ی ئەم زنجیرە وتارەدا باسمان کرد کە دێباجەی دەستوور خوێندنەوەیەکی تایبەتي لە مێژوو بەدەستەوە دەدا، ڕوونیشمان کردەوە کە ئەو خوێندنەوەیە بە پێی کام مەسڵەحەت، کام بەش لە فەکتەکانی مێژوو دەخوێنێتەوە و کام بەش بەئەنقەست پشت گوێ دەخا. کاتێک دەڵێین وشەی "ژن" لە دێباجەدا نیە، کێشەمان لەسەر وشە نیە. مەبەستمان ئەوەیە کە مێژوولکەی دێباجە هەرچی زۆر تێدایە و هەرچی کەم، کێشەی ژنی، نە زۆر و نە کەم، تێدا نیە! هەر دەڵێی کۆمەڵگای کوردستان قەت شتێکی بە ناوی کێشەی ژن تێدا نەبوە! دەڵێی لە سەرەتای دەسەڵات گرتنی کوردایەتیدا کارەساتی "رەشەکوژي" ژنان رووی نەداوە و لە خیلالی چەن ساڵدا ژمارەی قوربانیانی نامووسپەرستي لە  قوربانیانی کارەساتی هەڵەبجە، سەر نەکەوتوە! دەڵێی ئەم دیاردەیە ئێستاش بەردەوام نیە و هەموو ڕۆژێک هاواری چارەسەر کران ناکا!
مێژووی دێباجە، مێژووی بزووتنەوەی کوردایەتیە کە ژن، نە بە تاک و نە بە کۆ، وەک ئینسان حیساب ناکا، بۆیە لە مێژووشدا جێیەکی بۆ قایل نیە. بزووتنەوەی کوردایەتي ژن وەکوو پاشکۆ، وەک نیوە ئینسان و کەمتر لە نیوەش، چاو لێ دەکا. کوردایەتي بزووتنەوەی بە دەسەڵات گەیشتنی چین و توێژە کۆنپارێز و کۆنەپەرستەکانی کوردستانە کە ئەگەر بە ئیختیاری خۆیان بێ و بەردەوام فشاری واقیعیاتی کۆمەڵایەتی و بزووتنەوەی ئازادي و یەکساني لەسەریان نەبێ، مل بەوە نادەن کە چکۆلەترین ماف بۆ ژنان بسەلمێنن. دێباجەی دەستوور ناوی ژن ناهێنێ و باس لە مێژووی کوشتاری ژن لە ساڵانی رابردوودا ناکا، چونکە دارێژەرانی دەستوور نایانەوێ لە دژی ئەو کوشتارە هەڵوێست بگرن و  لەسەر کاغەزیش بووبێ مافی سەرەتایي ژیان بۆ ژنان بسەلمێنن.
ئەگەر ڕۆژێک مێژووی ئەم شانزە ساڵەی کوردستان لە روانگەی ژنەوە بنووسرێ، بێگومان تیایدا کارەساتی رەشەکوژي ژنان، لە پاڵ ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجەدا، وەک رەشترین لاپەرەکانی ئەم قۆناغەی مێژوو، تۆمار دەکرێ و بە نموونەیەکی دزێوی "ژنۆساید" و هاوتا و هاوجنسی "جینۆساید" ناو دەبرێ. تاوانی رەشەکوژی لە دژی  زیاتر لە نیوەی کۆمەڵگا، لەسەر شانی دەسەڵاتێکە کە هەتا ئێستاش هەنگاوێکی بۆ بەربەست کردنی ئەو کارەساتە نەهاوێشتوە. کۆمەڵگای کوردستان لە سێبەری ئەم دەسەڵاتەدا بوەتە "ناوچەی ئەمن" (save haven) بۆ قاتڵانی ژنان!
دەسەڵاتی کوردایەتي ئەمرۆش بە هەموو هێزێکیەوە هەوڵ دەدا کێشەی ژن و مافی ژن پەراوێز بخا بە ناوی ئەوە کە "لەپێشدا" دەبێ ئەزموونی هەرێم سەر کەوێ! ئینجا باس لە مافی ژن بکرێ! "لەپێشدا" دەبێ مادەی 140 جێبەجێ بکرێ! ئینجا باسی ماف و مافخوازي بکرێ! بە ناوی ئەوە کە دەبێ دەستووری عێراق لەبەرچاو بگیرێ! بە ناوی ئەوە کە کۆمەڵگا دواکەوتوە "لەپێشدا" دەبێ پێش کەوێ، جا ئینجا مافی ژن تەحەمول دەکا! لە کۆبوونەوەکانی 8ی مارسی ئەمساڵدا ئەم چەشنە ڕاوورێویانە لە لایەن وتەبێژانی دەسەڵاتەوە بە زۆري دووپات دەکرایەوە. تەنانەت یەکێک لە سەرکردەکان لە کۆبوونەوەی ڕێکخراوی ئافرەتانی سەر بە حیزبەکەیدا، بێ پەردە هەڕەشەی لە ژنان کرد و وتی: کۆمەڵگەکەمان دواکەوتوە ئەگەر لێی پێش کەون، قاچتان دەشکێ!
زۆرێک لە ڕەخنەگرانی رەشنووسی دەستووری هەرێم جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە ئەم دەستوورە بۆ دوارۆژی کۆمەڵگای کوردستان نەنووسراوە، بەڵکوو لە ئەساسدا بۆ بە قانووني کردنی وەزعی ئێستا (status quo) دارێژراوە. بەتایبەت لەو بەشانە لە رەشنووس کە پەیوەندییان بە سیستەمی دەسەڵات و فێدراڵي و پەرلەمان و سەرۆکایەتي هەرێم و دیوانی سەرۆکایەتیەوە هەیە نموونە دێننەوە. ئەم لێکدانەوەیە زۆر ڕاستە، بەتایبەت لەسەر کێشەی ژن و مافی ژنان ڕێک وایە: رەشنووسی دەستوور، لە دێباجەوە هەتا یادداشتی روونکردنەوەی کۆتایي، لەسەر هێڵی بە قانووني کردنی بێمافی موتڵەقی ژنان دارێژراوە و سەرجەم دەروازەکانی بە ڕوویاندا داخراوە.

### ٢) "یادداشتی ڕوونکردنەوە" چی ڕوون دەکاتەوە؟

یادداشتی روونکردنەوەی کۆتایي رەشنووس، سووچێک لە پەردەکە هەڵدەداتەوە و گۆشەیەک لە شاراوەکانی پشتەوە دەخاتە ڕوو، یەک لەوان چۆنیەتي تێ پەستاوتنی مادەی ٧ و شەریعەتی ئیسلامە کە لە دەقی پێشوودا نەبوە بەڵام پاش دەرچوونی "دەستووری عێراقی فێدراڵ"، نووسەرانی دەستووری هەرێم ئەو مادەیە وەک مائیدەی ئاسماني دەقۆزنەوە، دەسبەجێ دەیخەنە دەروازەی یەکەمی رەشنووس و دەیکەنە لەمپەرێکی دەستووري بۆ بەربەست کردنی هەموو مافەکانی ژنان نەک هەر لە خودی ئەم دەستوورەدا، بەڵکوو لە هەموو ئاستێکی یاسا داناندا. مادەی ٧ زۆر بە زەقي مادەیەکی دژبەژنە و هەر خۆی بە تەنیا بەسە بۆ ئەوەی کوللی دەستووری هەرێم لە لایەن خەڵکانی ئازادیخواز و هەموو ئینسانێکی ئەو کۆمەڵگایەوە ڕەت بکرێتەوە.
یادداشتی روونکردنەوە،  ڕوونیشی دەکاتەوە کە تەنانەت یەک ژنیش لە لیژنەی دە کەسي تایبەتی دەستووردا وەک ئەندام دیاري نەکراوە! لە لیژنەی ١٩کەسي پێداچوونەوەشدا کە پاش دەرچوونی "دەستووری عێراقی فێدراڵ" و بە مەبەستی هاوتا کردنی رەشنووسی دەستووری هەرێم لەگەڵ ئەو دەستوورە ئیسلامیە پێکهاتوە، تەنیا یەک ئەندام ژنە! ئەمە تەنانەت لە چاو ئەو ڕێژەی ٢٥% ە کە لە هەڵبژاردنەکاندا بۆ ژنان وەک هاوڵاتي پلە دوو دیاري کراوە، پێنج قات لەخوارترە!

### ٣) دەروازەکان بەڕووی ژناندا داخراون!

لە دەروازەی یەکەمدا مادەی ٧ی بەدناوبانگ، وەک ئەژدیهایەک پێشی ئاوی سەرچاوەی بەربەست کردوە و چارەنووسی باقی بەشەکانی رەشنووسی دیاري کردوە!
لە دەروازەی دووهەم، لە ژێر تابلۆی "مافە مەدەني و سیاسیەکان"دا، مادەی ١٨ لە قالبێکی عام و شکڵي دەرناچێ و تەبعەن ناشتوانێ سنووری ئەژدیهای مادە ٧ ببەزێنێ کە شەریعەتی ئیسلامی کردوە بە سەرچاوەی یاسا و بڕیویەتەوە:

**ماددەی : ١٨**
هاولاٌتیان لە بەردەم یاسا، لە ماف و ئەرکدا یەکسانن، بەبێ جیاوازی لەنێویان بەهۆی ڕەگەز، نێرو مێ، ڕەنگ، زمان، پێگەی کۆمەلاٌیەتی، ئایین، ئایینزا، باری ئابووری، باری کۆمەلاٌیەتی، یان ئینتیمای سیاسی و هزری. ززززززز

قالبی عام و شکلٌی یەکسانی هاولاٌتیان ... بەبێ جیاوازی .... نێر و مێ، دادی یەکسانی بۆ ژنان "لە بەردەم یاسا" نادا چونکە پێشتر نایەکسان بوونیان لە بەردەم هەموو یاسایێکدا بە پێی شەریعەتی ئیسلام چوار بزمارە کراوە.
هەروەها مادەی ٢١یش هەم لە ناو خۆیدا ناکۆکە و هەم لەگەلٌ مادەی ٧ ناکۆکە و چونکە ناتوانێ هەیبەت و هەیمەنەی مادەی ٧ بشکێنێ، بە پووچەلٌ دەردەچێ:

**ماددەی: ٢١**
ئافرەت یەکسانە لەگەل پیاو ونابێ جیاوازی لە دژی بکرێت وحکومەتی هەرێم هەموو ئەو مافە مەدەنی و سیاسیانەی لەم دەستوورە ولەو پەیمان و ڕێککەوتنامە نێو دەولٌەتیانەدا هاتوون کە دەولٌەتی عێراق پەسەندیکردوون، دەستەبەر دەکات، هەروەها دەبێ هەر شتێک بە بەربەست دابندرێت لەبەردەم یەکسانیان لە ژیانی کۆمەلاٌیەتی و ڕۆشنبیری و ئابووری و سیاسی دا، لابەرێت. ...

برگەی دوەم لە مادەی ٢٣ جەوهەری پووچەلٌی هەموو "مافە یەکسان"ەکانی پێشوو دەخاتە ڕوو، چونکە بە پاکتاوی دەری دەخا کە "یەکسان" بوون یانی لە هەر سەد کورسیەکی هەلٌبژاردن، تەنیا ٢٥ی بۆ ژنانە، ٧٥ی بۆ پیاوانە! بەمجۆرە ژن لە نیوەش کەمتر، دەچێتە پلەی سێ یەکی پیاو! وەدیارە دەستووری هەرێمیش وەک "مەزرای ئاژەلاٌن"ی جۆرج ئۆروێلٌ وایە: ژن و پیاو تیایدا یەکسانن، بەلاٌم پیاوان نەختێک یەکسانترن!!

**ماددەی:٢٣ ظزوةوة**
...
دووەم: لە هەلٌبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان-عیراق وئەنجومەنی خۆجێی و شارەوانیەکاندا ڕێژەیەک بۆ ژنان تەرخان دەکرێت کە لە ٢٥% ی کورسیەکان کەمتر نەبێت.

مادەی ٤٩ دیسان ئەوەندە عامە نە بۆ پەزی پیاوسالاری زەرەری هەیە، نە هیچ کۆسپێک دەخاتە بەردەم کارەساتی بەردەوامی ژنکوژی! عەجەبا لەحالێکدا توندوتیژی و (تعسف) ناحەقی لە دژی ژنان، لە کۆمەلٌگای کوردستانی نێوان ١٩٩١ تا ئەمڕۆ – یانی لە سەردەمی دەسەلاٌتی داڕێژەرانی ئەم ڕەشنووسی دەستوورەدا – لە قەبارەی کارەساتێکی وەک هەلٌەبجە و بگرە گەورەتردا قەوماوە، ڕەشنووسی دەستوور لە برگەی پێنجەمی مادەی ٤٩دا توندوتیژی و (تعسف) بە شکلٌێک قەدەغە دەکا کە هەر دەلٌێی باسی ئەو مەسەلەیە لە کۆمەلٌگایەکی وەک سویددا دەکات:

## مادەی:٤٩
...
یەکەم: نابێ گرێبەستی هاوسەرێتی مۆربکرێت بەڕەزامەندیی تەواوی هەردوو لایەنی هاوسەرێتیەکە نەبێت وبەبێ زۆرلێکردن.
...
پێنجەم: هەموو شێوەیەکی جیاوازی و توندوتیژی و (تعسف) ناحەقی لەناو کۆمەلٌ و قوتابخانەو خێزاندا قەدەغەیە.
شەشەم: حکومەتی هەرێم دامەزراندنی خانەی تایبەت بە چاودێریکردن و پاراستنی ئەو ئافرەتانە دەستەبەر دەکات کە بەهۆکاری کۆمەلاٌیەتیەوە ئارامیی خێزانیان لەدەستداوە.
...

مادەی ٦٣ یش سنووری "داب و نەریتی گشتی" بۆ ئازادی هاتوچۆ و نیشتەجێ بوون دادەنێ، کە بۆ ژنانی کوردستان ڕێک بە مانای نەبوونی ئەو ئازادیانە. داب و نەریتی "گشتی"، یان ڕوونتر بیلٌێین: داب و نەریتی زالٌ لە هەر کۆمەلٌگایەکدا (وەک بیروڕای "گشتی" زالٌ)، هەر هەمان داب و نەریتی چینی زالٌ بەسەر کۆمەلٌگاکەدایە کە بە هۆی دەسەلاٌتی ئینحیساری بەسەر میدیا و هەموو کون و قوژبنێکی کۆمەلٌدا ئەوەندە بە گوێی خەلٌکیدا دەلٌێ و دەیلٌێتەوە تا وای لێ دەکا خودی خەلٌکەکەش وا بزانن کە ئەوە بە ڕاستی داب و نەریتی "گشتی"یە!

**ماددەی:٦٣**
هەر کەسێک بەشێوەیەکی یاسایی لە هەرێمدا بێت مافی هاتو چۆکردنی بەشێوەیەکی ئازادانە هەیەو لە دیارکردنی شوێنی نیشتەجێبووونیدا ئازادەو ناشبێت ئەو مافە سنووری بۆ دابندرێت، تەنیا لەبەر پێویستی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی یان دابونەریتی گشتی یان تەندروستی گشتی یان ماف و ئازادی کەسانی دیکە نەبێ، بە پێی یاسا. .....

لێرە بەدواوە، لە ڕەشنووسی ١٦٠ مادەیی دەستووردا شتێک نیە کە پەیوەندی بە ژنەوە بێ و هەموو دەروازەکان بەڕووی ژناندا داخراون!
ئەمەیە جێگاوڕێگای مافی ژن و کێشەی ژنان، لە ڕەشنووسی دەستووری هەرێمدا. لە ولاٌتێکدا کە هەزاران ژن بوونەتە قوربانی نامووسپەرستی و یا کوژراون یا بە قورگی ئاوردا کراون، لە ولاٌتێکدا کە "خۆم دەسووتێنم!" بوەتە تاقە چەکی دەستی ژن بۆ پارێزگاری لە عیززەتی نەفسی خۆی، ڕەشنووسی دەستوور خۆ لە دابین کردنی ئەمنیەتی گیان و مافی ژیانی ژنان نادا، خۆ لەوە نادا کە توندوتیژی لە دژی ژنان بە تاوانی گەورە دابنێ و قورسترین سزای بۆ دیاری بکا. خۆ لە هەلٌوەشاندنەوەی ڕیشەیی قانوونی ئەحوال شەخسیەی بەعس و "غسل العار" نادا. خۆ لە ئازادی جلوبەرگ پۆشین و ئازادی ڕەفتار و مەیلی جنسی تاکەکەس "بەبێ

جیاوازي نێر و مێ" نادا. خۆ له قەدەغە کردنی دووژنە و چوارژنە و ژنبەژنە و گەورە بە چکۆلە و "داب و نەریت"ی لەم چەشنە نادا. ڕەشنووسی دەستووری هەرێم بەتایبەت دەرحەق بە ژنان و مافەکانیان بە زەقترین شێوە "دەستووری بێمافي و هەڵاواردن"ە!

## له کۆتایي ئەم بەشەدا

ئاشکرایە کە بزووتنەوە ئیسلامیەکان لە دژایەتي کردنی دڕندانە بەرامبەر بە ژنان و مافەکانیان، تەنانەت مافی ژیان، گرەویان لە سەرجەم بزووتنەوە کۆنەپەرستەکانی ئەم سەردەمە بردوەتەوە. بەڵام بەدوای ئەواندا و جاری واشە ڕێک لە پاڵ ئەواندا، بزووتنەوە قەومي و ناسیۆنالیستەکان دەبینین کە بۆ بێماف کردنی ژنان، یەک بە دوای یەکتردا ریزیان بەستوە! بزووتنەوە قەومي و نەتەوەییەکانی دونیای ئەمڕۆ بە دروشمی "لە پێشدا ڕزگاري نەتەوە، ئینجا مافخوازي ژن"! کارنامەی خۆیان لە پەڵەی ڕەشی تاوانی سەرکوت و هەڵاواردن دەرهەق بە "ژنانی خۆیان" پڕ کردوە و لە زۆر شوێن لە هاوخەت بوون لەگەڵ مەزهەب و "داب و نەریت"دا ئەوەندە چوونەتە پێش کە هێڵی جیاوازي خۆیان لەگەڵ بزووتنەوە مەزهەبي و ئیسلامیەکان بەزاندوە. ئەزموونی ناسیۆنالیزم لە ئەلجەزایر، ئەرەیتەرە، ئیرلەند، فەلەستین، ئێران و زۆر شوێنی دی نیشانی داوە کە ئەم بزووتنەوانەش ژن نەک وەک بەشێکی یەکسان لە کۆمەڵگای ئینسان، بەڵکوو وەک پاشکۆ، وەک نیوە بەشەر، وەک مەحکوومانی تەبیعي بە بێمافي چاو لێ دەکەن. سەرچاوەی ئابووري و کۆمەڵایەتي ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ جێگاوڕێگای بەشە تازە دەسەڵات گرتوەکانی بورژوازی لە جیهانی سەرمایەداري گلۆباڵ و ئەمپریالیستي ئەمڕۆدا و پێویستي یان بە هێزی کاری هەرزان و خامۆش، بە مەبەستی بردنەسەری توانای ململانەی ئابووریيان لە بازاری سەرمایەی ئەم سەردەمەدا.

بزووتنەوەی کوردایەتي یەکێک لە دواکەوتووترین ناسیۆنالیزمەکانی سەردەمە. کوردایەتي سەردەمێک باڵێکی چەپی تێدا بوو کە بە ئیلهام لە ڕەوتە چەپەکان و نیزامی سۆڤیەت و باقی وڵاتانی بلۆکی ڕۆژهەڵات، تا ڕادەیەک ریفۆرمخواز و عیلماني و لایەنگری مافی ژن و شتی وا بوو. بەڵام دوای ڕووخانی سۆڤیەت کە هەموو ناسیۆنالیزمەکان بەرەو ڕاست وەرچەرخان، بەتایبەت دوای شەری ١٩٩١ی ئەمریکا لە خەلیج و ڕووداوەکانی ڕاپەرینی ئاداری ١٩٩١، ئیتر باڵی چەپی کوردایەتیش پاڵی بە باڵی ڕاستیەوە دا و هەرچي ریفۆرمخوازي و عیلماني بوون و لایەنگری لە مافی ژن و شتی واشی بووبێ وەلای ناوە! هێرشی ڕەشەکوژي لەدژی ژنان لە ژێر سایەی دەسەڵاتی سیاسي هەموو باڵەکانی کوردایەتي دا هاتە دی. ئەم جێگاوڕێگا سیاسي و تاکتیکییەی بزووتنەوەی کوردایەتي، دوای شەری 2003ی ئەمریکا و ڕووخانی ڕژێمی سەدام و هاوپەیماني ناموقەدەسی لەگەڵ ئیسلامیە هەرە تۆخە دژ بە ژنەکانی ژێر ڕابەري حەکیم و موقتەدا سەدر و سیستاني، ڕۆژڵەڕۆژ بەرەو خراپتربوون و خەستبوونەوەی زیاتر چوە!

جگە لەمانەش، لە یاد نەکرێ کە چین و توێژی دەسەڵاتدار لە کوردستانی ئەمڕۆدا، تێکەڵاوێکە لە کەمدەسەڵات ترین بەشی بورژوازي ناوچەکە، توێژێک سەرۆک عەشیرەت و پەراوێزێک لە ورتکە بورژوازي بە سامان گەیشتوو. ئەم تەرکیبەیە، هەمیشە لە ناو گەمارۆی کۆمەڵێک دەسەڵاتی بورژوائەمپریالیستی کۆنەکاری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوون کە بە چاوی ژێردەستە تەماشایان کردوون و خۆشیان هەر وا چاویان لە خۆیان کردوە. دەسەڵات گرتنی بزووتنەوەی کوردایەتي لە هەلومەرجی حاسڵ لە دوو شەڕی ١٩٩١ و ٢٠٠٣ی ئەمریکادا، خستوویەتە ناو موعادەلاتێکی بێ بالانس و بێسەباتەوە کە ئەوەندەی تر خسڵەتی کۆنسەرڤاتیڤی پێ دەبەخشێ. بزووتنەوەی کوردایەتي بە هۆی هەموو ئەمانەوە بەتایبەت پشتی بە زیندوو کردنەوەی ئایین و ئیسلام و داب و نەریتی کۆن بەستوە.

لە شەری ١٩٩١ بەم لاوە، قۆناغێکی تازە لە مێژووی کوردایەتي دەس پێ دەکا کە ڕەشنووسی دەستوور وەک قۆناغی ڕزگاري جەختی لەسەر دەکا. بەڵێ، ڕاستە، ئەم قۆناغە قۆناغی ڕزگاري لە دەسەڵاتێکی دیاریکراو و ستەمێکی دیاریکراوە: ڕزگاري لە دەسەڵاتی بەعس و لە ستەمی نەتەوایەتي. بەڵام لە پەیوەند بە ڕەشنووسی دەستووری هەرێم و مافی ژنانەوە، بۆمان هەیە پرسیار بکەین ئایا ژنانیش لەم قۆناغەدا لە ستەمی جنسي و دەسەڵاتی پیاوسالاري ڕزگار بوون یان نا؟ وەڵام ڕوونە! لێرەش وەک زۆر شوێنی تر، وەک ئەلجەزایر و ئەریتیریا و ... ڕزگار بوون لە ستەمی نەتەوایەتي لە ژێر ئاڵای بزووتنەوەی میللي دا، یەکسان نەبوە بە ڕزگاري ژنان لە ستەمی جنسي و دەسەڵاتی پیاوسالاري، بەڵکوو بە پێچەوانە دەرچوە!

دەسەڵاتی کوردایەتي، سەربەخۆ لە مەسەلەی نەتەوایەتي و سەربەخۆ لە هەر جۆرە پەیوەندیێکی لەگەڵ دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندي، دەسەڵاتێکی دژ بە ماف و ئازادي ژنە. لەحاڵێکدا کۆمەڵگای کوردستان کۆمەڵگایەکی مەدەنیە و ژن تێیدا ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتي گرینگی هەیە. جگە لەمەش، کۆمەڵگا خۆی لەچاو شازدە ساڵ لەمەبەر، زۆر پێشکەوتنی بەدەس هێناوە و لەگەڵ دەسەڵاتی شێوە عەشایري دژبەژن و کۆنەپەرست و کۆنپارێز کە دەیەوی دواکەوتوویي و بێمافي و هەژاري بەسەر جەماوەردا بسەپێنێ، کەوتوەتە ناکۆکی لە ئاشتي نەهاتوو!

ڕێگا چارەی بێمافی ژنان لە کوردستان لە گرەوی دەرهێنانی کۆمەڵگادایە لە بارودۆخی ئێستای. دەسەڵاتی کوردایەتي خۆی وای کردوە کە رزگاري ژنانی کوردستان گرێی خواردوە بە تێپەڕ بوونی کۆمەڵگا لەم بارودۆخەی ئێستا و رزگار بوونی لە داموەزگای داپڵۆسێنەري سیاسي و ئایدیۆلۆژیک و داب و نەریتی حاکمەوە. لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا رسوا کردنی ئەم دەستوورە دژبەژنە، یەکەم هەنگاوی ئەو ڕێبازەیە.